DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi9.328

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# دۆخی بازاڕگەریی  سیاسیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لاپەڕەی فەرمیی(فەیسبووك)ی پارتەسیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە نموونە

**م.ی. ئەرکان ڕەئوف عەزیز**

**بەشی ڕاگەیاندن، کولێژی ئاداب - زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر**

arkan.aziz@su.edu.krd

**پ.ی.د. حکیم عوسمان حمید**

**بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێریی - زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی**

Hakim.othman@spu.edu.iq

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی (دۆخی بازاڕگەریی  سیاسیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان- لاپەڕەی فەرمیی(فەیسبووک)ی پارتەسیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە نموونە)، کار بۆ زانینی دۆخ و سرووشتی بازاڕگەریی سیاسیی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە تۆڕیی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک و هەروەها دیاریکردنی ئەو ڕێکار  و ستراتیژیانەی بازاڕگەریی سیاسیی، کە پارتە سیاسییەکان بۆ کاریگەریی دانان لە سەر دەنگدەران بە کاری ئەهێنن. توێژینەوەکە لەجۆری توێژینەوە وەسفییەکانە، پەیڕەوی شیکاریی ناوەڕۆک کراوە، وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان. نموونەپشکنینی (سامپڵ) توێژینەوەکەش بەشێوەی مەبەستدار سەرجەم ئەو پۆستانە وەرگیراون، کە لە لاپەڕەی فەرمی فەیسبووکی پارتەسیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە کاتی کێبرکێی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پێشوەختەی ئەنجوومەنی  نوێنەرانی عێراق ٢٠٢١ بڵاوکراونەتەوە.   گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە؛ پارتە سیاسییەکان فۆرمی ئەو بابەتانەی بڵاویانکردەتەوە بە ڕێژەی (٥١,٢٪) وێنە بووە، لەکاتێکدا ئەو پۆستانەی تەنها تێکستیان لەخۆگرتووە ڕێژەکەیان (٠,١٪) یە، کە کەمترین ڕێژەیە لەچاو فۆرمەکانی تر. لەلایەکی ترەوە ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە زۆرینەی پارتە سیاسییەکان گرنگیان بە ستراتیژی پەرەپێدان و بانگەشەداوە؛ پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕێژەی (٤٧٪)، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە ڕێژەی (٣٦٪)، هاوپەیمانی کوردستان بە ڕێژەی (٣٣٪) و کۆمەڵی دادگەریی کوردستان بە ڕێژەی (٣١٪) بووە، بەڵام نەوەی نوێ گرنگی بە ستراتیژی نرخ داوە بەڕێژەی(٤٣٪). سەبارەت بە کارلێک و بەشداری (فۆلۆوەر و بەشداربووان)ی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لەگەڵ پۆستەکانی بازاڕگەری سیاسیی پارتە سیاسییەکان، ئەنجامەکان ئەوە ئەخەنەڕوو، کە زۆرترین کارلێک(Reactions) لەگەڵ پۆستەکانی نەوەی نوێدا کراوە، بە ڕێژەی (٦٠,٠٥٪)، بەهەمان شێوە زۆرترین (Comment) لەسەر پۆستەکانی نەوەی نوێ نوسراوە، بە ڕێژەی (٨٧,١٣٪)، سەبارەت بە هاوبەشکردنی(Share) پۆستی پارتە سیاسییەکان؛ هاوپەیمانی کوردستان زۆرترین پۆستی لەلایەن (فۆلۆوەر و بەشداربووان) هاوبەشی(Share) پێکراوە بە ڕێژەی (٨٥,٧٥٪)، ئەمەش ئەوە ئەخاتە ڕوو (فۆلۆوەر و بەشداربووان) لاپەڕەی فەیسبووکی نەوەی نوێ زۆرترین کارلێک و بەشدارییان هەیە لەسەر پۆستەکانی بازاڕگەریی سیاسیی.

**کلییلە وشەکان: بازاڕگەریی  سیاسیی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، فەیسبووک، پارتە سیاسییەکان، هەرێمی کوردستان.**

Recieved: 5/7/2023
Accepted: 24/9/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

لەکاتێکدا پارتە سیاسییەکان لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا ڕووبەڕووی کێبڕکێ دەبنەوە، بازاڕگەی سیاسی ستراتیژێکی گرنگە بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان کاریگەریی لەسەر دەنگدەران درووست بکەن و متمانەی دەنگدەرانی پێ بەدەست بهێنن و لە کێبرکێی هەڵبژاردندا سەرکەوتن مسۆگەربکەن. لەگەڵ گەشەکردنی زیاتری تەکنەلۆجیای پێوەندییکردن، کاریگەری بازاڕگەریی سیاسیی لە ئامرازە جیاوازەکانی پێوەندییە جەماوەرییەکاندا گفتوگۆ و توێژینەوەی زۆری لەسەرکراوە، زۆرینەی لەسەر ئەوە کۆکن، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک یەکێک لە بەرهەمەکانی گەشەکردنی تەکنەلۆجیای پێوەندییکردن کاریگەری ئەرێنیی هەیە(Hamid, R.S ,٢٠٢٢, P٦٣) و بە ئامرازێکی لەچاو ئامرازەکانی تری پیوەندییکردنی جەماوەری گونجاوتر دائەنرێت، بۆ هێشتنەوەی متمانە و سەرنجراکێشانی ژمارەیەکی فراوانتری دەنگدەران، بەهۆی ئەوەی ڕێژەیەکی بەرچاوی خەڵک بەکارهێنەری ڕۆژانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن، بەتایبەتتر بەکارهێنەری تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک. ئەمەش ئەبێت بە دەرفەتێک بۆ پارتە سیاسییەکان تا لەم ڕێگەیەوە کاریگەری درووست بکەن و پەیامە سیاسییەکانیان تێدا بڵاوبکەنەوە، لەڕووی پراکتیکیشەوە پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە کێبرکێی هەڵبژاردندا، تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک وەک تاکتیکێک بۆ درووستکردنی پێوەندییەکی کاریگەر لەگەڵ دەنگدەراندا بەکارئەهێنن. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەرووی دۆخی بازاڕگەریی سیاسیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە کاتی کێبرکێی هەڵبژاردنی پێشوەختەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠٢١.

ئەم توێژینەوەیە لە میتۆدنامەی توێژینەوە، تیۆرینامە توێژینەوە پێکهاتووە، لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە؛ لە میتۆدنامەدا ڕێکارەکانی توێژینەوەی بە وردیی باسکراوە، لەوانە: (کێشەی توێژینەوە، ئامانجەکانی توێژینەوە، ئامرازی توێژینەوە، جۆر و میتۆدی توێژینەوە، کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە، توێژینەوەکانی پێشوو، ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە)، هەروەها تیۆرینامەی توێژینەوەکە کراوە بە دوو باس؛ لە باسی یەکەمدا چەمک، پێناسەی بازاڕگەریی سیاسیی و مۆدێلی تێکەڵەی بازاڕگەریی (Mix marketing ) خراونەتە ڕوو. لە باسی دووەمدا چەمک و پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، فەیسبووک و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕگەریی سیاسییدا، هەروەها پراکتیکی توێژینەوەکە تەرخان کراوە بۆ شرۆڤەکردن و خستنەرووی ئەنجامەکانی ناخشیکاریی توێژینەوەکە، لە کۆتایشدا دەرەنجام و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە خراونەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوە

### کێشەی توێژینەوە :

پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان پراکتیزەی بازاڕگەریی سیاسیی ئەکەن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام ئەوەی بەلای توێژەران کێشەبوو و دۆخی بازاڕگەریی سیاسیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان- لاپەرەی فەرمی(فەیسبووک) ی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) دا وەک پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە. لەگەل ئەم پرسیارە سەرەکییەدا توێژینەوەکە ئەیەوێت وەڵامی چەند پرسیارێکی تری لاوەکیی بداتەوە کە بریتین لە:

لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن، گرنگیی بە کام ڕەگەزی بازاڕگەریی دراوە لە لاپەڕەی فەرمی هەر پارتێکی سیاسیی؟

کام ناوەرۆکی بازاڕگەریی گرنگیی پێ دراوە لە پەیجی فەرمی پارتەسیاسییەکان؟

بـە چ جۆرێـک فۆلـۆوەر و بەشـداربووانی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بەشـداریی ئەکـەن لەسـەر چالاکییەکانـی بازاڕگـەری سیاسـیی؟

کاریگەریی فۆلۆوەر و بەشداربووانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چییە لەسەر چالاکییەکانی بازارگەری سیاسیی؟

باوترین شێوازەکانی بازاڕکردنی سیاسیی لە لاپەڕەی فەرمی پارتەسیاسییەکان کامانەن؟

ژمارەی فۆلۆوەرەکانی لاپەرەی فەرمی پارتەسیاسییەکان چەندە؟

## ئامانجەکانی توێژینەوە:

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە خۆی لە چەند خاڵێکدا ئەبینێتەوە:

ناساندنی چەمکی بازاڕگەریی سیاسیی و رەگەزەکانی بازاڕگەریی (marketing mix)

ناساندنی چەمکی تۆڕەکۆمەلایەیتییەکان و تایبەتمەندییەکانی بۆ بازاڕگەریی سیاسیی .

زانینی دۆخ و سرووشتی بازاڕگەریی سیاسیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

دیاریکـردنی ئـەو رێـکار و سـتراتیژانەی بازاڕگەریـی سیاسـیی کـە پارتـە سیاسـییەکان بـە کاری ئەهێنێـت، بـۆ کاریگـەری دانـان لـە سـەر دەنگـدەران.

جـۆر و میتـۆدی توێژینەوەکـە لەچوارچێوەیـی توێژینـەوە وەسـفی شـیکارییە، لـە رێگـەی شـیکاری ناوەرۆکـەوە وەک ئامرازێـک بـۆ وەسـفکردنی ناوەرۆکـی دیاردەیـەک.

ئامـرازی توێژینەوەکـەش بـە پێـی سرووشـت و ئامانجەکانـی توێژینەوەکـە توێـژەران پشـتیان بـە فۆرمـی شـیکاریی نـاوەڕۆک بەسـتووە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە ناوەڕۆکـی پۆسـت و چالاکییەکانـی بازاڕگەریـی سیاسـیی لـە لاپـەڕەی فەرمـی پارتـە سیاسـییەکانی سـامپڵی توێژینەوەکـە.

کۆمەڵگـە و سـامپڵی توێژینـەوەش برتییـن لـە پەیجـی فەرمـی پارتـە سیاسـییەکانە لـە تـۆڕی کۆمەڵایەتیـی فەیسـبووک لـە مـاوەی هەڵمەتـی هەڵبـژاردنی پێشـوەختەی ئەنجوومەنـی نوێنـەرانی عێـراق لـە (٢٠٢١/٩/١٠) بـۆ (٢٠٢١/١٠/٩) وەرگیـراوە.

## سنوری ئەم توێژینەوەیە بەسەر چەند بوارێکدا دابەشبوون بەم شێوەی لای خوارەوە:

بـواری کات: بریتییـە لـە مـاوەی بانگەشـەی هەڵبـژاردنی پێشـوەختەی ئەنجوومەنـی نوێنـەرانی عێـراق لـە (٢٠٢١/٩/١٠) بۆ (٢٠٢١/١٠/٩).

بـواری بابـەت: سـەرجەم ئـەو پۆسـتانەی کـە لـە پـەڕەی فەرمـی فەیسـبووکی پارتـە سیاسـییەکان(پارتی دیموکـراتی کوردسـتان، هاوپەیـمانی کوردسـتان، یەکگرتـوی ئیسـلامی کوردسـتان، کۆمەڵـی دادگەریـی کوردسـتان، نـەوەی نـوێ) بڵاوکراونەتـەوە لـە مـاوەی بانگەشـەی هەڵبـژاردنی پێشـوەختەی ئەنجوومەنـی نوێنـەرانی عێـراق لـە (٢٠٢١/٩/١٠) بـۆ (٢٠٢١/١٠/٩).

## توێژینەوەکانی پێشوو:

یەکـەم: توێژینـەوەی ؛ Okan, Elif Yolbulan, Ayper Topcu, and Serhat Akyüz، ٢٠١٤، (The role of social media in political marketing: ٢٠١٤ local elections of turkey)

ئامانجـی سـەرەکیی ئـەم توێژینەوەیـە ئەوەیـە کـە لـە کاریگەرییەکانـی بازاڕگەریـی سیاسـیی بکۆڵێتـەوە، بـە تایبەتـی بەکارهێنانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان لەهەڵبژاردنـە ناوخۆییەکانـی ٣٠ی ئـازاری ٢٠١٤ لـە تورکیـا. ئـەم توێژینـەوە لـە

جۆری وەسفییە و توێژەران پشتیان پێ بەستووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە.
گرنگترین ئە و ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێ یگەیشتووە؛ لە رێگەی تێبینیکردنەوە کە بۆ پلاتفۆرمە بەکارهاتووەکان دەرکەوت، کە سەرجەم پارتە سیاسییەکانی تورکیا پلاتفۆرمەکانی؛ فەیسبووک، تویتەر و یوتیوب پەسەندکراوبووە بە لایانەوە بۆ بازاڕگەریی سیاسیی و گەیشتن بە دەنگدەرەکانیان. لەبەرامبەردا خزمەتگوزارییەکانی لینکیدئین و پینتەرسێت بەکارنەهێناوە بۆ بەجێهێنانی بازاڕگەریی سیاسیی.
دووەم: توێژینەوەی؛ مها علي عبادي الساعدي، ٢٠٢١ (التسويق السياسي و دوره في الحملات الانتخابية الأمريكية لعام ٢٠١٦).
ئامانجی ئەم توێژینەوە؛ زانینی گرنگترین ئامراز و شێواز و ستراتیژ و تاکتیکی بازاڕگەریی سیاسیی کە کاندید لە بانگەشەی هەڵبژاردندا پەیرەوی ئەکەن، توێژینەوە لە جۆری وەسفیە و توێژەر ئامرازی ناخشیکاریی بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بەئەنجامەکانی توێژینەوەکە.
لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەشتووە؛ بازاڕگەریی سیاسیی کاتێک دەست پێ ئەکات کە پێداویستی و ئارەزووەکانی بەکاربەری سیاسیی دەستنیشان کرابێت، کاتێکیش مسۆگەریی سەرکەوتنی بازاڕگەریی سیاسیی ئەکرێت ئەو کاتەی کە بەکاربەری سیاسیی (هاووڵاتی، دەنگدەر) کە ئارەزوو پێداویستیەکانی تێر کرابێت لەلایەن ئەوانەی بەڵێنیان پێداون. هەروەها سەرکەوتنی ترەمپ لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی (٢٠١٦) گرێدراوە بە ئەو شێوازە تاکتیکیانەی کە تایبەتمەندی بازاڕگەریی سیاسیی (ترامپ) لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.
سێیەم: توێژینەوەی؛ لانە صابر محمد سعید، کۆسرەت طە محەمەد شاری، ٢٠٢١ (ئەرکی پێوەندییە گشتییەکان لە بازارکاریی سیاسییدا).
ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە گرنگترین ئەو ئەرکانە دەستنیشان بکات کە لەلایەن پێوەندییە گشتییەکانی پارتە سیاسییەکان لە بازاڕگەریی سیاسیی گرنگییان پێداوە، هەروەها یەکێکی تر لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە، کە ئەوە بخاتەروو تا چەند پارتە سیاسییەکان ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکانیان لە بازاڕگەریی سیاسیی بەرجەستەکردووە. ئەم توێژینەوە لە جۆری وەسفیە و توێژەران پشتیان بە رێکاری رووپێویی بەستووە لە رێگەی فۆرمی راپرسییەوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پارتە سیاسییەکانی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆران)، سامپڵی توێژینەوەکەش کادرانی مەکتەب و ژووری پارتە سیاسییەکان وەرگیراون.
گرنگترین ئە و ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە؛ هەرچەندە پەیوەندییە گشتییەکان لە گەیشتن بە ئامانجەکانی پارتە سیاسییەکاندا رۆڵێکی بەرچاویان هەیە، بەڵام لە پەرەپێدانی هەستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی و نەتەوەیی لەناو خەڵکدا وەک پێویست نەیتوانیوە کار لەسەر جەماوەر بکەن. پێوەندییە گشتییەکان لە پارتەکاندا، وەك پێویست کار لە سە ر ئەرکەکانی ناکات؛ هەندێکجار کار لەسەر ئەرکی (لێکدانەوە و قاییلکردن و هەڵسەنگاندن و دۆکیۆمێنتاریی و ئاسانکاریی) ئەکات ، هەرچەندە ئەرکی میدیایی لەچوارچێوەی ئەرکەکاندا گرنگیی پێ دراوە.

## ناساندنی چەمکەکان:

وەکو توێژەران لێرەدا ئەو چەمکانەی کەلە ناونیشانی توێژینەوەکەدا هاتوون ئەناسێنن و ئەو مەبەستەی کە بۆی بەکارهێنراون روون ئەکەینەوە:
بازاڕگەریی سیاسیی: زنجیرەیەک چالاکییە؛ بۆ گەورەکردن و رێکخستنی ژمارەیەکی زۆر لایەنگر و پشتیوانکار

بـۆ کاندیدێـک یـان پارتێکـی سیاسـیی دیاریکـراو یـان بەرنامـە یـان بیرۆکەیەکـی دیاریکـراو، بەئامانجـی دانـانی کاریگەرییدانـان لەسـەریان گۆڕینـی بۆچوونەکانیـان، بـۆ ماوەیەکـی دوور.

تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان: ئامرازێکـی کاریگـەرن بـۆ درووسـتکردنی بیـروڕا. کۆمەڵێـک خزمەتگوزاریـی بـۆ بازاڕگەریـی سیاسـیی دابیـن ئـەکات، بە مەبەسـتی درووسـتکردنی بازاڕێکـی سیاسـیی. پارتەسیاسـییەکان و کاندیـدەکان و لایەنگرانی خۆبەخـش ئەتوانـن بەکاربهێنـن بـۆ ئـەوەی رای گشـتیی پـێ ئاراسـتە بکـەن.

تـۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسـبوو وک: تۆڕێکـی کۆمەڵایەتـی مەجازییـە، رێگـە بـە پارتـە سیاسـییەکان ئـەدات بـە بـێ بەرامبـەر پەیجـی تایبـەت بـۆ خۆیـان درووسـت بکـەن، سـوود لـەو تایبەتمەندییانـە وەربگـرن کـە بـۆ بازاڕگەریـی سیاسـیی گونجـاوە، هەروەهـا رێگـە بـە بەشـداربووانی تـری تۆڕەکـە ئـەدات بەشـدار و کارلێـک بکـەن لەگـەڵ ئـەو چالاکیانـەی کـە پارتـە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتان لەپەڕەکانیـان بڵاویـان ئەکەنـەوە.

# بەشی دووەم: تیۆرینامەی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم: چەمک و رەگەزەکانی بازاڕگەریی سیاسیی

### -چەمکی بازاڕگەریی سیاسیی

بازاڕگەریـی سیاسـیی بۆتـە دیاردەیەکـی مۆدێـرن لـەو وڵاتانـەی کێبڕکـێ سیاسـییەکانیان لەسـەر بنەمـای دیموکراسـی ئەکـەن، ئـەوەش لـەو روانگەوەیـە کـە بازاڕگەریـی سیاسـیی مۆدێلێکـی هاوچەرخـی هەڵبژاردنـی عەقڵانـی پێشـکەش ئـەکات (Scammell, M., ٢٠١٦,٢٧١). بازاڕگەریـی سیاسـیی مۆدێـرن تەنهـا بانگەشـە و تەکنیکێکـی فێڵبازانـەی ریـکلام نییـە، بەڵکـو بەکارهێنـانی سـتراتیژییەکانی فرۆشـتن و گونجاندنـی ئـەو تەکنیـک و چەمکانەیـە کـە بـۆ یەکەمجـار لـە بازرگانییـدا بەکارهێـنراون و ئاسـانکاری بـۆ پارتـە سیاسـییەکان و کارەکتـەرە سیاسـییەکان بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانیـان ئەکـەن(Radzi, B.A.L.M., ٢٠١٨, ٣٦).

لـە بازاڕگەریـی سیاسـییدا، بـۆ یارمەتیدانـی کاندیـدەکان و پارتـە سیاسـییەکان جەخـت لەسـەر بەکارهێنانی بازاڕگەریـی ئەکرێتـەوە، بۆئـەوەی کاراتـر و کاریگەرتربـن لـە درووسـتکردنی پێوەندیـی دوولایەنـە لەگـەڵ دەنگـدەران و گروپـە جیـاوازەکانی کۆمەڵگـەدا(Pratama, A.A., Jamil, A. and Briandana, R., ٢٠٢١, ١٩٧). لـە روانگـەی چەمکـی بازاڕگەرییـەوە؛ ئامانجـی هـەر رێکخراوێـک ئەوەیـە، کـە خواسـت و پێداویسـتییەکانی بەکاربەران(خەڵـک) لـەو بازاڕانـەی ئەیانکـەن بەئامانـج بدۆزێتـەوە و ئـەو پێداویسـتیانە بـە شـێوەیەکی کاریگەرتـر و کاراتـر لـە ڕکابەرەکانـی بـۆ بەکاربـەرەکانی دەسـتەبەربکات (Slater, S.F. and Narver, J.C., ١٩٩٨, ١٠٠١).

### - بازاڕگەریی سیاسیی

لـە سـادەترین پێناسـەدا، بازاڕگەریـی سیاسـیی بریتییـە لـە؛ بەکارهێنانـی سـتراتیژ و تاکتیـک و زانسـتی بازاڕکـردن بـۆ پراکتیـک و لێکۆڵینـەوە لـە سیاسـەت و حکومـەت و بانگەشـەی هەڵبـژاردن. پرۆفیسـۆر دکتـۆر سـتیفان هێنێبێـرگ(٢٠٠٤) بازاڕگەریـی سیاسـیی بـەوە پێناسـە ئـەکات؛ ئاسـانکاریکردنە لـە پرۆسـەی کۆمەڵایەتـی بـۆ ئاڵوگـۆڕی سیاسـیی(Henneberg, S.C., ٢٠٠٤, ٢٢٦)، هەروەهـا پرۆفیسـۆر ئـارۆن ئـۆکاس، مامۆسـتایی زانکـۆ پێـی وایـە بازاڕگەریـی سیاسـیی بریتیـە لـە؛ بەرجەسـتەکردنی فەلسـەفەیەک کـە پارتـە سیاسـییەکان و دامـەزراوە سیاسـییەکان ئەیگرنەبـەر، بـۆ ئـەوەی لـە کێشـەکانی بـەردەم دەنگـدەران تێبگـەن و سیاسـەتێک پەرەپێـدەدەن بۆچارەسـەرکردنی کێشـە؛ کۆمەڵایەتـی، ئابـووری و سیاسـییەکانی بـەردەم دەنگـدەران (O'Cass, A., ٢٠٠٩, ٢٠٤). لـە لایەکـی تـرەوە

پرۆفیسۆر بروس ئای نیومان لە روانگەی بەرهەمەوە پێناسەی بازاڕگەریی سیاسیی کردوە پێی وایە بازاڕگەریی ڕێبازی هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانە بۆ داهێنانی بەرهەمێک، کە پشت بە زانیارییەکانی بازاڕ ئەبەستێت بۆ یارمەتیدان و ڕێنماییکردنی توێژینەوە و پەرەپێدان ( Newman, B.I., ١٩٩٤, ٢). ئەمەش بەو مانایەدێت، تا خواست و پێداویستییەکانی خەڵک نەزانرێت، نابێت بەرهەمێک پێشکەش بکرێت، یان پەرەی پێ بدرێت، هەروەها مارگریت سکامێل مامۆستای زانکۆ لە لەندەن پێی وایە؛ بازاڕگەریی سیاسیی پرۆسەی ئاراستەکردنی بیرۆکەیە لە لایەن کاندیدە سیاسییەکان بۆ دەنگدەران، بە مەبەستی تێرکردنی خواست و پێداویستییە سیاسییەکانیان لەبەرامبەر بەدەستهێنانی پشتیوانی دەنگدەران بۆ بیرۆکە و پرۆژەکانیان(Scammell, M., ١٩٩٩, ٧١٩).

لە ڕوانگەی ئەو پێناسانەی خرانەڕوو؛ بازاڕگەریی سیاسی لێکۆڵینەوەیە لە خواست و پێداویستیەکانی بەکاربەرە سیاسییەکان، لە ڕێگەی بنەماکانی بازاڕگەرییەوە. بەشێوەیەک کە بەرهەمهێنی سیاسیی نابێت هیچ بەرهەمێکی سیاسیی بەبێ لێکۆڵینەوە لە بازاڕە سیاسییەکان پێشکەش بە بەکاربەرە(دەنگدەر) سیاسییەکان بکات، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر بەرهەمێک بەبێ ڕەچاوکردنی خواست و پێداویستییەکانی بەکاربەرە سیاسییەکان پێشکەش بکرێت، ئەوا بە قازانجی ڕکابەرەکانی ئەکەوێتەوە.

## -مۆدێلی تێکەڵەی بازاڕگەریی (Mix marketing )

مۆدێلی تێکەڵەی بازاڕگەریی کلاسیکی، کە بە (4P)ناسراوە، بەردی بناغەی هەر چالاکییەکی بازرگانییە. فۆرمی تێکەڵەی بازاڕگەریی، یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٥ لەلایەن پرۆفیسۆر لە بواری بازرگانیی و نووسەر ئەمریکایی جێری مەکارتی(١٩٢٨-٢٠١٥)یەوە خراوەتەڕوو، کە لە بەرهەم(Product)، نرخ(Price)، شوێن(Place)، پەرەپێدان و بانگەشە(Promotion) پێک دێت (Chen, H., Zhang, M., Han, L. and Lim, A., ٢٠٢١, ٢٩٤٦):

بەرهەم(product): هەر شتێکە، کە ئەتوانرێت بۆ سەرنجدان پێشکەش بە بازاڕێک بکرێت لەلایەن بەرهەمهێنەرەکانەوە، کە ڕەنگە خواستێک یان پێویستییەکی بەکاربەر تێر بکات(Wring, D., ١٩٩٧, ٦٥٣). لە پراکتیکی بازاڕگەریی سیاسییدا، لە بازاڕی هەڵبژاردنەکاندا، پێویستە ئاڵوگۆڕ لە نێوان پارتە سیاسییەکان و دەنگدەران هەبێت، هەر حزبێکی سیاسیی ئەبێت هەندێک بەرهەم پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی لە بازاڕدا بیان فرۆشن، بۆ نموونە؛ ئەرکی سەرەکی بەرهەمی حزبی دیموکرات لە ئەمریکا و لەسەر بنەمای گۆڕانکاریی، فرۆشتنی ئۆباما و حوکمڕانییەکی باش بوو (Menon, S.V., ٢٠٠٨, ٧).

نرخ(Price): نرخ پێکهاتەی دووەمی پرۆسەی بازاڕگەریی سیاسییە، ئەمەش بریتییە لە دەستبەردار بوونی خەڵک لە دەنگەکانیان بۆ ئەوەی لە بەڵێنی کارەکتەر و پارتە سیاسییەکان سوودمەندبن، کە لە بازاڕگەریی سیاسیدا پێیان ئەدەن، بۆیە ئەبێت سوودی بەرهەمەکە لەچاوی خەڵکدا زیاتر بێت لە نرخەکەی(عبدالعزیز، ٢٠١٣، ١٤٢). کەواتە پێویستە لەسەر پارتی سیاسیی بەرهەمێک وا دیزاین بکات، کە ڕەچاوی خواست و پێداویستییەکانی بەکاربەر(خەڵک) بکات، بۆ ئەوەی دەنگی دەنگدەران بەدەست بهێنێت.

شوێن -دابەشکردن (Place-Distribution): ستراتیژی شوێن ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە چۆن ڕێکخراوێک ئەو بەرهەم یان خزمەتگوزارییە بەسەر بەکاربەر دابەش ئەکات (Riaz, W. and Tanveer, A., ٢٠١٢, ٤٦)، بەڵام بۆ بەرهەمێکی سیاسیی شوێن؛ کۆمەڵێک هەنگاو ئەگرێتەوە لە ناو پرۆسەیەکدا کە بریتین لە گەیاندنی زانیاریی بۆ بەکاربەر(دەنگدەر) لەسەر بەرهەمە سیاسییەکان بۆ شوێنە جیاجیاکان(شار، لادێ، بازاڕ)، یان سەردانی مەیدانی(سەرۆکی حزب، فیگەرەکانی حزب، کاندیدەکان و ئەندامانی حزب)، هەروەها دابەشکردنی زانیاریی لەسەر بەرهەمە سیاسیەکان لە کەناڵەکانی پێوەندیکردن (مدیایی نەریتیی، دیجیتاڵ میدیا). (Wring, D., ١٩٩٧, ٦٥٧-

٦٥٨)، (Yudelson, J., ١٩٩٩, ٦٥).

پەرەپێدان و بانگەشە (Promotion): بانگەشەکردن بەشێکی گرنگی بازرگانییە و لە کۆی پرۆسەی بازاڕکردندا پێکهاتەیەکی دانەبڕاوە و لە چەندین هەڵبژاردەی پەیوەست بە بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی کڕیارە ئەگەرییەکان یارمەتیدەر ئەبێت (Shyan Fam, K. and Merrilees, B., ١٩٩٨, ٣٥٥)، لەلایەکی ترەوە، پەرەپێدان و بانگەشە؛ ئاماژەیە بۆ پەیوەندیی بازاڕ، بە فرۆشتنی کەسیی، ریکلام، بازاڕگەریی راستەوخۆ، پێوەندییە گشتییەکان، پەرەپێدانی فرۆشتن و سپۆنسەرکردن(Khan, M.T., ٢٠١٤, ٩٦).

بەم پێیەش بێت تێکەڵەی بازاڕگەریی ئەبێت بە هۆکارێکی گرنگ بۆ جێگیرکردن؛ پارتێکی سیاسی یان کاندیدێک لە مێشکی دەنگدەران و ئەگەری زۆر هەیە بەو هۆیەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لەبەرئەوەی تێکەڵەی بازاڕگەریی وا ئەکات کە بەبازاڕکردن بۆ مامەڵەکردن و رێکخستن ئاسان بێت.

## باسی دووەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

## -چەمک و ئەدای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەستەواژەیە کە بۆ کۆمەڵێک تۆڕ لە چوارچێوەی تۆڕی جیهانی ئینتەرنێتدا، لەگەڵ نەوەی دووەمی ئینتەرنێتدا دەرکەوتن (وێب ٢,٠)، رێگە بەبەکارهێنەران ئەدات لەکۆمەڵگەیەکی گریمانەییدا، بەپێی ئارەزووی بایەخپێدانە هاوبەشەکانیان، پێوەندی پێکەوە ببەستن (تاڵەبانی، ٢٠٢٠، ١٣٣-١٣٤)، هەروەها رێگە بە بەکارهێنەران ئەدەن کارلێک لەگەڵ کەسانی تر بکەن (Xenos, M., Vromen, A. and Loader, B.D., ٢٠١٤, ٣٤).

دیارترین جۆرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە؛ فەیسبووک، تویتەر، یوتیوب و هاوشێوەکانیان.

فەیسبووک: تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک گەورەترین و بەناوبانگترین تۆڕی کۆمەڵایەتییە لە جیهاندا (Clement, J., ٢٠٢٠). فەیسبووک، لە ساڵی ٢٠٢٠دا راگەیاند؛ مانگانە نزیکەی ٢.٨ ملیار بەکارهێنەری چالاکی هەیە، هەروەها لە دەیەی رابردوودا ئەپی فەیسبووک زۆرترین جار لەسەر مۆبایل دابەزێنراوە (Fatema, S., Yanbin, L. and Fugui, D., ٢٠٢٢, ٧). فەیسبووک رێگە بە بەکارهێنەران ئەدات وێنە و ڤیدیۆ و دەق بڵاوبکەنەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هاوڕێی مەجازین، هاوبەشی پێ بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنەرانی فەیسبووک ئەتوانن لە رێگەی خزمەتگوزارییە جیاوازەکانەوە کارلێک بکەن، نامە بگۆڕنەوە، بەشداریی لە گرووپەکان بکەن و بە پێی ئارەزووەکانی خۆیان فۆڵۆوی پەیجەکان بکەن (Liao, C.H., Chen, L.X., Yang, J.C. and Yuan, S.M., ٢٠٢٠, ١١٠٥).

لە ساڵی ٢٠٠٨ دا، کەسایەتییە گشتییەکان، لەوانەش سیاسەتمەداران ئەم رێگایە نوێیەیان بە چڕیی بۆ هاوبەشکردنی زانیاریی و بنیاتنانی پێوەندیی بەکارهێنا (Skogerbø, E. and Krumsvik, A.H., ٢٠١٥, ٣٥١). لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، پەیوەندییە سیاسییەکان و بازاڕکردن لە ئاستی جیهانیدا بوون بە شتێکی ئاسایی نوێ، چونکە فەیسبووک پلاتفۆرمێکی ریکلامی پێشکەوتووی لەگەڵ رێژەیەکی بەرفراوانی بینەر بۆ ئەو بوارە دابینکردووە(Bossetta, M., ٢٠١٨, ٤٧٢).

هاووڵاتیان لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و فەیسبووکەوە پەیامی بانگەشەی هەڵبژاردن وەرئەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەبن بە بەشداری سیاسیی ئۆنلاین(Gibson, R.K., ٢٠١٥, ١٨٤)، بەشداری سیاسیی ئۆنلاین بریتییە لە ناردنی پەیامی سیاسیی، بەرهەمهێنانی پەیامی سیاسیی لە فەیسبووکەوە بۆ سیاسەتمەداران، کۆمێنتکردن لە پەیجی فەیسبووکی کاندیدێک، داوای بەخشین بۆ پارتێکی سیاسیی یان هاوبەشکردنی زانیاریی سیاسیی ئەکات. هەروەها بەشداریی سیاسیی ئۆنلاین ئەو چالاکییانەش ئەگرێتەوە، کە هەندێک لە بەکارهێنەران فەیسبووک

ئەکەن بە ئامرازی بەشدارییکردن لە بینین و گەیاندنی کاندیدە دڵخوازەکانیان، بەم شێوەیە ئەمە ڕێگە زیاتر بۆ بەشداربووانی فەیسبووک بە گشتیی و بۆ گەنجان بە تایبەتیی دەڕەخسێنێت بۆ چالاکبوون لە کاروباری سیاسییدا(Abdu, S.D., Mohamad, B. and Muda, S., ٢٠١٧, ٢-٣). هەندێک توێژینەوە بەوە گەشتوون، کە هاوبەشییکردنی ناوەڕۆکی سیاسیی لە فەیسبووکدا بە ئاسانیی لەلایەن بەشداربووانی تری فەیسبووکەوە ئەبینرێت و ئەخوێنرێتەوە، هەر بۆیە هەلێکی بەهێزی هەیە بۆ گەیشتن و هاندانی ئەوانی تر بۆ بەشدارییکردن(Abdu, S.D., Mohamad, B. and Muda, S., ٢٠١٧, ٣).

لە فەیسبووکدا کاردانەوە جۆرێکە لە بەشدارییکردن. جگە لە لایکەکان، کاردانەوەکان بریتین لە خۆشەویستیی، خەمناک و تووڕە. هەر یەکێک لەم کاردانەوانە بە ئیمۆجییەک ئاماژەی پێ ئەکرێت (Sandoval-Almazan, R. and Valle-Cruz, D., ٢٠٢٠, ٣)، هەروەها کۆمێنت و شەیرەکان پلەی جیاوازی بەشدارییکردنی سیاسیی لە فەیسبووک پێک ئەهێنن. هەر یەکێک لەوکارلێکانە کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر ریزبەندیی بڵاوبوونەوەی پۆستێک لە فەیسبووکدا هەیە، کۆمێنتەکان بە یەکێک لە بەرزترین فۆرمەکانی بەشدارییکردن لەلایەن ئەلگۆریتمەکانی فەیسبووکەوە ریزبەندیی ئەکرێن(Bossetta, M., Dutceac Segesten, A. and Trenz, H.J., ٢٠١٧, ٥٥). ئەگەرچیی وا گریمانە دەکرێت کە زۆرینەی رەهای بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەناویشیاندا فەیسبووک دوورن لە کاردانەوە و بەشدارییکردن، بەو واتایەی بەکارهێنەران تەنها ئەخوێننەوە و چاودێریی ئەکەن، بەڵام بەشداریی ناکەن، هەروەها تەنها بەشێکی کەم لە بەشداربووان بەرهەمهێنەری ناوەرۆکی بابەتەکانن(Weeks, B.E., Ardèvol-Abreu, A. and Gil de Zúñiga, H., ٢٠١٧, ٢١٨).

بەکورتی لە روانگەی بازارگەرییەوە، فەیسبووک بەکارهێنانی جیاوازی هەیە؛(Sandoval-Almazan, R. and Valle-Cruz, D., ٢٠٢٠, ٣).

یەکەم- کەناڵێکی نوێی پێوەندییکردن بۆ لایەنگران دابین ئەکات.

دووەم- ئامرازێکی نزیکتر و دۆستانەترە بۆ ڕێکخستنی گرووپەکانی پشتیوانیی و بازاڕگەریی بۆ ئامانجەکان.

سێیەم: فەیسبووک بۆ ناردنی نامە بۆ نەیاران، بێ بەشکردن یان هێرشکردنە سەریان بەکار دێت.

لە روانگەی خستەڕووی زانیارییەکانی تایبەت بە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئەتوانین بڵێین؛ فەیسبوو گەورەترین تۆڕی کۆمەڵایەتییە لە سەرانسەری جیهاندا، بەکارهێنەرانی بەردەوام لە زیادبووندایە، لەگەڵ ئەوەشدا بووە بە کەناڵێکی بایەخدار لە بواری سیاسیی، بەهۆی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە فەراهەمی کردوون. فەیسبووک بۆ پێوەندییکردن لەگەڵ خەڵکدا، وەک خزمەتگوزارییەک ڕێگەی جیاواز پێشکەش بە خاوەن پەیجێک ئەکات، ئەوەش دەرفەت بە پارتی سیاسیی و کاندییدەکانی هەڵبژاردن ئەدات بە ئاسانیی و بە کەمترین تێچوو فەیسبووک بۆ پێوەندییکردن لەگەڵ دەنگدەرانیاندا بەکار بهێنن.

## -بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕگەریی سیاسییدا:

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕگەریی سیاسییدا گەشەیەکی فراوانی بەخۆیەوە بینیوە. فەیسبووک و یوتیوب و تویتەر وەک پلاتفۆرمێک بانگەشەی هەڵبژاردن ئەکەن و کاندیدەکان پەیامەکانیان بە دەنگدەران ئەگەیەنن(Okan, E.Y., Topcu, A. and Akyüz, S., ٢٠١٤, ١٣٥). ئەمڕۆ هیچ کاندیدێک، یان لایەنێک ناتوانێت بچێتە ناو خولێکی هەڵبژاردنەوە بەبێ ئەوەی ئامادەیی لە

ئۆنلایندا هەبێت(Dimitrova, D.V., Shehata, A., Strömbäck, J. and Nord, L.W., ٢٠١٤, ٩٧-٩٨). فراوانبوونی ژمارەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وای کردووە لایەنە سیاسییەکان بیر لە بەکارهێنانی بکەنەوە، وەک ئامرازێک بۆ پێوانەکردن و درووستکردنی رای گشتیی(Safiullah, M., Pathak, P., Singh, S. and Anshul, A., ٢٠١٧, ١٢). لەبەرئەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فەزای گشتیی نوێ بۆ گفتوگۆکردن لەسەر سیاسەت دابین ئەکەن(Papacharissi, Z., ٢٠٠٢, ١٢). بۆیە هەڵمەتە سیاسییەکان ئەم تەکنەلۆژیایەیان بەو چاوەڕوانییە زۆرەوە وەرگرتووە وای ئەبینن کە کاندیدەکان بە دەنگدەرانەوە ئەبەستێتەوە و، ئەتوانرێت لە کێبرکێی هەڵبژاردندا بەکاربهێنرێن بۆ بە ئامانجکردنی دەنگدەران، لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی دەنگدەران و لە ئەنجامدا ئەگەری سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان زیاد بکات(Howard, P.N., ٢٠٠٦).

کۆمپانیاکان و دامەزراوە سیاسییەکان؛ ژمارەیەک پلاتفۆرمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مەبەستی جۆراوجۆری بازاڕگەریی بەکار ئەهێنن، لەوانە وەک کەناڵێک بۆ پێوەندیی، و لێکۆڵینەوەی بازاڕ، خزمەتگوزاری کڕیار، بەرێوەبردنی بەرهەم و (WOM) بازاڕگەریی وشەی زارەکیی(Milewicz, C. and Saxby, C., ٢٠١٣, ٨٥١). تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە هەرزان و ئاسان بەردەستن؛ رێگە بە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ناوەڕۆکی سیاسیی ئەدەن و دەرفەت ئەرەخسێنن، کە هاووڵاتیان بەشداریی دیجیتاڵی سیاسیی بکەن و ئەو هەستەیان لا درووست ببێت، کە بەشێکن لە گفتوگۆ سیاسییەکان و پێوەندییان بە کاندید و پارتە سیاسییەکانەوە هەیە(Zavattaro, S.M., ٢٠١٠, ١٢٦).

لەلایەکی ترەوە، کارەکتەرە سیاسییەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێکی گرنگی ستراتیژییەکانی بازاڕگەریی بەکار ئەهێنن، بەهۆی ئەوەی هێزی ئەوەی هەیە بە کەمترین بووجە و کات ئەنجامێکی گەورەیان بۆ بەدەست بهێنێت (As' ad, H.A.R. and Alhadid, A.Y., ٢٠١٤,٣٣٦). لەگەڵ ئەوەشدا ئەتوانرێت میدیای دیجیتاڵی بۆ بەدەستهێنان و هاوبەشکردنی زانیاریی و بڵاوکردنەوەی زانیاریی بۆ زیادکردنی ناوبانگ بەکاربهێنرێت(Boulianne, S., ٢٠١٥, ٥٢٨).

سۆشیال میدیا، دەرگاکانی بە رووی جۆرێکی نوێی دیالۆگی سیاسییدا کردۆتەوە، کە رێگە بە دەنگدەران ئەدات وەک سەرکردەیەک بەشداریی لە چالاکیی بازاڕگەریی سیاسیی بکەن(Okan, E.Y., Topcu, A. and Akyüz, S., ٢٠١٤, ١٣٥). «سرووشتی کرانەوە و گشتییکردن»(open and public nature)» وەک یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووەت بە هۆکاری گۆڕانکاریی لە شێوازی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و چۆنیەتی پێوەندیی سیاسەتمەداران بە دەنگدەرەکانیانەوە. سیاسەتمەداران و دەنگدەران فەیسبووک و تویتەر وەک ئامرازێک بۆ ئاشکراکردن بەکار ئەهێنن، بە بڵاوکردنەوەی زانیاری کەسیی و وێنە و بڵاوکردنەوەی پەیامی گشتیی بۆ هاوڕێکانیان لە بۆشایی ئەلیکترۆنییدا. سوودی ئەم تایبەتمەندیە ئەوەیە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان «ئەو بەربەستانە لا ئەبەن کە لەنێوان کارەکتەرە سیاسییەکان و بەکاربەردا(خەڵک) هەیە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە یەکەمیان(کارەکتەرە سیاسییەکان) چۆن کار ئەکەن و رێگە بە دووەمیان(دەنگدەر) ئەدات کە دەستبەجێ بەشداریت و کارلێک لەگەڵ چالاکییەکانی کارەکتەرە سیاسییەکان بکات(Hellweg, A., ٢٠١١, ٢٤). لەگەڵ ئەوانەشدا پێکهاتەیەکی تری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێکی گرنگ بۆ ریکلام لە هەڵبژاردنەکاندا پەرەی سەند و بووە بە سەکۆیەکی بەهێز بۆی (Safiullah, M., Pathak, P., Singh, S. and Anshul, A., ٢٠١٧, ١٢).

سیاسەتمەداران، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ درووستکردنی شێوازێکی تایبەتی پێوەندییکردن بەکار ئەهێنن ،

خۆیان لە حزبەکانیان و میدیای باو دوور ئەخەنەوە(Kreiss, D., Lawrence, R.G. and McGregor, S.C., ٢٠٢٠, ٩). ڕێکخستنی خەڵک و بڵاوبوونەوەی زانیارییە پێوەندییدارەکان بە هەڵمەتی هەڵبژاردن ئامانجێکی گرنگی ئەم فۆرمەی پێوەندییکردنی سیاسییە(Stier, S., Bleier, A., Lietz, H. and Strohmaier, M., ٢٠٢٠, ٦١). ئاستی متمانەی هاووڵاتیان بە سیاسەتمەدارانی بەرزترە کاتێک سیاسەتمەداران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەرئەکەون، کە ڕەنگە ئەوەش بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەوەی کە سیاسەتمەداران ئەتوانن وەشانێکی (بە ڕواڵەت) ڕاستگۆیانە لە چیرۆکەکەیان بخەنەڕوو، بە بێ نێوەندگیریی بە دەستێوەردانی ڕۆژنامەوانیی(Enli, G. and Rosenberg, L.T., ٢٠١٨). ناسینی کاندیدە سیاسییەکان و هەڵوێستەکانیان لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردنی گەنجان و لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لەوانەیە یارمەتییدەر بێت. گەنجان ئەیانەوێت سیاسەتمەداران دۆستانە بن لەگەڵیاندا، لەهەمانکاتدا بەرپرسیار و متمانەپێکراوبن(Manning, N., Penfold-Mounce, R., Loader, B.D., Vromen, A. and Xenos, M., ٢٠١٧, ١٣٢). تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ژینگەیەکی بەسوود بۆ خستنەرووی ئەم سیفەتانە ئەڕەخسێنێن و ئەتوانێت یارمەتییدەر بێت بە تایبەتیی لە بەستنەوەی گەنجان بە سەرکردە سیاسییەکانەوە(Enli, G.S. and Skogerbø, E., ٢٠١٣, ٧٦٠).

لە ڕوانگەی ئەو زانیاریانەی خرانە ڕوو؛ بازاڕگەریی سیاسیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕۆڵی گرنگ و پڕ بایەخی هەیە بۆ پارتە سیاسییەکان و کاندییدەکانی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسانتر و بە بێ نێوەندگیریی لایەنی سێیەم پەیامەکانیان وەک بەرهەمهێنێک بگەیەننە دەستی بەکاربەرەکان، هەروەها بازاڕگەریی سیاسیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتییدەرە بۆ ئاڕاستەکردنی پەیامی پارتە سیاسییەکان بۆ دەنگدەران، لەڕێگەی ئەو خزمەتگوزاریی و تەکنیکانەوە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەرهەمهێنەرە سیاسییەکانی دابینکردووە.

بەشی سێیەم: پراکتیکی توێژینەوە

پراکتیکی توێژینەوەکە سەرنجی خستوەتە سەر؛ پۆلەکانی ناوەڕۆک(بازاڕگەریی سیاسیی) و پۆلەکانی فۆرم بەکارهێنران بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی لاپەڕەی فەیسبووکی ( پارتی دیموکراتی کوردستان، هاوپەیمانی کوردستان (یەکێتیی نیشتمانی کوردستان- بزوتنەوەی گۆڕان)، یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، نەوەی نوێ)، کارلێکی فۆلۆوەرەکان بۆ ناوەرۆکی بابەتەکانی ئەو پارتە سیاسییانە.

ڕاستیی فۆرمی توێژینەوەکە: دوای ئامادەکردنی برگەکانی فۆرمی شیکاری بە شێوەیەکی سەرەتایی، توێژەران بە مەبەستی گونجاویی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەرۆکی توێژینەوەکە؛ فۆرمەکەیان خستووەتە بەردەستی ژمارەیەک هەڵسەنگێنەری زانستیی[1]* ژمارەیان (٥) کەس بوو. سەرجەمیان پسپۆری زانستییان پەیوەندی بەناوەڕۆکی توێژینەوەکەوە هەبووە. بە مەبەستی هەڵسەنگاندن بۆ ناوەڕۆکی پرسیار و برگەکانی فۆرمەکە و ڕادەی ڕاستیی. سەرنج و بۆچوونەکانیان بۆ دەرکردنی فۆرمەکە بە شێوەی کۆتایی لەبەرچاوگیرا، ڕادەی ڕێکەوتنی هەڵسەنگێنەران (٩٤.٣٪)بووە، کە ئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستیی ئامرازەکانی توێژینەوەکە.

١ * پسپۆڕانی هەڵسەنگێنەر:
پ. دکتۆر نەزاکەت حسین حمە سعید، زانکۆی سلێمانی.
پ. ی. دکتۆر یەحیا عمر فتاح، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
پ. ی. دکتۆر صادق حمەغریب حمە، زانکۆی سەلاحەدین.
پ. ی. دکتۆر کاروان عەلی قادر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
پ. ی. دکتۆر نەوزاد محمد صدیق، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

١-ژمارەی فۆلۆوەری(followers) پەیجی فەرمی پارتەسیاسییەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک

خشتەی (١)

ژمارەی فۆلۆوەری سامپڵی تویژینەوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک

| ناوی حزب | ژ. فۆلۆوەر[2] | ناوی پەیج |
|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٦٦٩,٠٠٠ | Kurdistan democratic party |
| هاوپەیمانیی کوردستان[3] | ٤٦,٠٠٠ | هاوپەیمانی کوردستان/ تحالف کوردستان |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٨٣,٠٠٠ | یەکگرتوەکەم |
| کۆمەڵی دادگەریی کوردستان | ٤٥,٠٠٠ | کۆمەڵی دادگەریی کوردستان |
| نەوەی نوێ | ٤٣٤,٠٠٠ | نەوەی نوێ |

بەپێی داتاکانی خشتەی (١): لە ١٠ی ئەیلولی ٢٠٢١ ژمارەی فۆڵۆوەری پەیجی فەیسبووکی هەریەک لە پارتە سیاسییەکانی سامپڵی توێژینەوەکەمان تۆمارکرد. پارتی دیموکراتی کوردستان، زۆرترین فۆڵۆوەری هەبووە، کە ٦٦٩ هەزار فۆلۆوەربووە، پاشان نەوەی نوێ ٤٣٤ هەزار فۆڵۆوەری لە فەیسبووک هەبووە، دواتر یەکگرتوی ئیسلامی ٨٣هەزار و هاوپەیمانی کوردستان(یەکێتیی نیشتمانی کوردستان- بزووتنەوەی گۆڕان) تەنها ٤٦ هەزار فۆلۆوەر هەبووە. بەڵام لاپەرەی فەرمی کۆمەڵی دادگەریی کوردستان لە فەیسبووک کەمترین فۆلۆوەری هەبووە، کە ژمارەیان تەنها ٤٥ هەزار فۆلۆوەرە.

ئەنجامەکانی خشتەی(١) ئەوە دەخاتە روو کە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان فۆلۆوەری لاپەرەی پارتە سیاسییەکان، ئەمەش کاریگەری ئەبێت لەسەر فراوانی بڵاو بونەوەی پەیامی پارتە سیاسییەکان و ناساندنی کاندیدەکان لەکاتی کێبرکێ هەڵبژاردنەکاندا، بەشێویەک تا فۆلۆوەر زیاتر بێت پەیامەکان زیاتر بڵاودەبنەوە، ئەگەری ئەوە هەیە زۆرترین خەڵک بیانبینن، بەڵام تا فۆلۆوەرەکان کەمتربن پەیامەکان کەمترین بەکارهێنەری فەیسبووک ئەیان بینن و کارلێکیان لەگەڵ ئەکەن.

٢-ژمارەی بابەتە بڵاوکراوەکان:

خشتەی (٢)

ژمارەی ئەو بابەتانەی بازارگەریی سیاسیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراونەتەوە لە ماوەی کێبرکێی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق

| ناوی پارتە سیاسییەکان | دوبارە | رێژەی سەدی | تێکرای پۆست لە رۆژێکدا | ریزبەند |
|---|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٩٦ | ٪٤٩,٧ | ١٢ | ١ |
| هاوپەیمانیی کوردستان | ٦٣ | ٪٧,٩ | ٢ | ٤ |
| یەکگرتو ئیسلامی کوردستان | ١٦١ | ٪٢٠,٢ | ٥ | ٢ |

٢ - سەبارەت دەرکەوتنی ژمارەی هەزاران لە ژمارەی فۆلۆوەرەکان، پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە لەکاتی سەیرکردنی ژمارەی فۆلورەکان، خانەی سەدان و دەیان دەرناکەون، بۆیە ژمارەکانیش ئەوا رێکن، ئەگەر نا رەنگە ژمارەکان زیاتر بن لەم ژمارەیە.

٣ - بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە ساڵی (٢٠٢١)، (یەکێتی نیشتمانی کوردستان- بزوتنەوەی گۆڕان) لیستێکی هەڵبژاردنیان پێکهێنا بە ناوی (هاوپەیمانیی کوردستان).

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٤٨ | ٪٦ | ١,٥ | ٥ |
| نەوەی نوێ | ١٢٩ | ٪١٦,٢ | ٢ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٧٩٧ | | | |

بەپێ داتاکانی خشتەی (٢)؛ زۆرترین ژمارە ئەو پۆستانەی لە کێبرکێی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) لەلایەن پارتە سیاسییەکانی سامپڵی توێژینەوەکەوە لەپەرەی فەرمی فەیسبووکەکانیان بڵاوکراوەنەتەوە؛ «پارتی دیموکراتی کوردستان» زۆرترین ژمارەی پۆستی بڵاوکردوەتەوە کە (٣٩٦) پۆست بووە، بە تێکرای (١٢) پۆست لە رۆژێکدا، کە ریزبەندی یەکەمی گرتووە، رێژەکەی (٪٤٩,٧)یە، پاشان یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ریزبەندی دووەمی وەرگرتووە و (١٦١) پۆستی بلاوکردوەتەوە بە رێژەی (٪٢٠,٢) لە ریز بەندی سێیەمە بە تێکرای (٥) پۆست لە رۆژێکدا، نەوەی نوێ (١٢٩) پۆستی لە پەیجی فەرمی بڵاوکردوەتەوە، بە رێژەی (٪١٦,٢) بە تێکرای (٤) پۆست لە رۆژێکدا، بەڵام هاوپەیمانیی کوردستان(یەکێتی نیشتمانی کوردستان- بزوتنەوەی گۆڕان)، بە بڵاوکردنەوەی تەنها (٦٣) پۆستی لە پەیجی فەرمی فەیسبووک بە رێژەی (٪٧,٩) ریزبەندی چوارەمی وەرگرتووە بە تێکرای (٢) پۆست لە رۆژێکدا. لە ریزبەندی کۆتایی خشتەی (١) کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، کەمترین پۆستی بڵاوکردوەتەوە کە ژمارەیان تەنها (٤٨) پۆست بووە بە رێژەی (٪٦) بە تێکرای (١,٥) پۆست لە رۆژێکدا. بە پێی ئەنجامەکانی خشتەی(٢) تێکرای بڵاوکردنەوەی پۆستەکان جیاوازیان هەیە، بەپێی قسەی شارەزایانی بازاڕگەریی دیجیتاڵی، گونجاوترین تێکرای ڕۆژانە بۆ پۆستکردن لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بریتیە لە (١-٢) پۆست لەرۆژێکدا(- McLachlan, S. and Cohen, B., ٢٠٢١)، بەم پێیەش بێت هەریەکە لە؛ هاوپەیمانیی کوردستان، کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، نەوەی نوێ، بەشێوەیەکی درووست بازاڕگەریی سیاسییان ئەنجامداوە لە رووی بڵاوکردنەوەی ژمارەی پۆستەکانەوە، بەپێچەوانەشەوە ، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان ڕەچاوی تێکرای ڕۆژانەی پۆست دانانیان نەکردوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک.

٣- شێوازی(فۆرم) و خستەڕووی ناوەڕۆک

خشتەی (٣)

شێوازی(فۆرم) خستەرووی ناوەرۆکی پەیامەکانی بازاڕگەریی سیاسیی:

| پێوەرەکانی کارلێکی جەماوەری | وێنە | | ڤیدیۆ | | تێکست | | لایف | | لینک | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ |
| **پارتی** | 294 | ٪٧٤,٢ | ٩٦ | ٪٢٤,٢ | ٠ | ٪٠,٠ | ٠ | ٪٠,٠ | 6 | ٪١,٥ |
| **هاوپەیمانی کوردستان** | 8 | ٪١٢,٧ | ٤٥ | ٪٧١,٤ | 1 | ٪١,٦ | ٩ | ٪١٤,٣ | ٠ | ٪٠,٠ |
| **یەکگرتوو** | ٤٧ | ٪٢٩,٢ | ١١٤ | ٪٧٠,٨ | ٠ | ٪٠,٠ | ٠ | ٪٠,٠ | ٠ | ٪٠,٠ |
| **کۆمەڵی دادگەری** | ٢٤ | ٪٥٠,٠ | ٢٤ | ٪٥٠,٠ | ٠ | ٪٠,٠ | ٠ | ٪٠,٠ | ٠ | ٪٠,٠ |
| **نەوەی نوێ** | ٣٢ | ٪٢٤,٨ | ٩٣ | ٪٧٢,١ | ٠ | ٪٠,٠ | ٤ | ٪٣,١ | ٠ | ٪٠,٠ |
| کۆی گشتیی | 405 | ٪٥١,٢ | ٣٧٢ | ٪٤٧,٠ | 1 | ٪٠,١ | ١٣ | ٪١,٦ | ٦ | ٪٠,٨ |

بەپێ داتاکانی خشتەی (٣)؛ زۆرترین وێنە و پۆستەری دیجیتاڵی لە کێبرکێی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی

عێـراق (٢٠٢١)، لەلایـەن پارتـە سیاسـییەکانی سـامپڵی توێژینـەوە کـەوە لەپـەرەی فەرمـی فەیسـبووکی پارتـە سیاسـییەکان بڵاوکراوەتـەوە لەلایـەن پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانەوە بـووە، کـە (٢٩٤) «وێنـە» و پۆسـتەری دیجیتاڵـی بڵاوکردووەتـەوە، پاشـان یەکگرتـووی ئیسـلامی کوردسـتان (٤٧) وێنـە و پۆسـتەری دیجیتاڵـی پۆسـتکردووە، دواتـر نـەوەی نـوێ (٣٢) وێنـە و پۆسـتەری دیجیتاڵـی لـە پەیجـی فەرمـی بڵاوکردووەتـەوە، هەروەهـا کۆمەڵـی دادگەریـی کوردسـتان (٢٤) وێنـە و پۆسـتەری دیجیتاڵـی پۆسـتکردووە، بەڵام هاوپەیمانی کوردسـتان(یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان- بزوتنـەوەی گـۆڕان)، کەمتریـن وێنـە و پۆسـتەری دیجیتاڵـی بڵاوکردووەتـەوە، کـە ژمارەیـان تەنهـا (٨) پۆسـت بـووە. سـەبارەت بـە «ڤیدیـۆ» پۆسـتکراو لـە پەیجـی فەرمـی پارتـە سیاسـییەکان لـە تـۆڕی کۆمەڵایەتیـی فەیسـبووک، زۆرتریـن ڤیدیـۆ لـە پەیجـی یەکگرتـووی ئیسـلامی کوردسـتان بڵاوکراوەتـەوە، کـە ژمارەیـان (١١٤) ڤیدیـۆ بـووە، پاشـان پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە پەیجـی فەرمـی خـۆی لـە تـۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسـبووک (٩٦) ڤیدیـۆی پۆسـتکردووە، دواتـر نـەوەی نـوێ (٩٣) ڤیدیـۆی پۆسـتکردووە، هەروەهـا هاوپەیمانیـی کوردسـتان(یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان- بزوتنـەوەی گـۆڕان)، (٤٥) ڤیدیـۆی پۆسـتکردووە، کەچـی کۆمەڵـی دادگەریـی کوردسـتان تەنهـا (٢٤) ڤیدیـۆی پۆسـتکردووە.

ژمـارەی ئـەو پۆسـتانەی کـە تەنهـا «تێکسـت» بـوون، بەبـێ وێنـە و ڤیدیـۆ لـە پەیجـی فەرمـی پارتـە سیاسـییەکان لـە تـۆڕی کۆمەڵایەتیـی فەیسـبووک بڵاوکراونەتـەوە، تەنهـا هاوپەیـمانی کوردسـتان(یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان- بزوتنـەوەی گـۆڕان)، یـەک پۆسـتیان هەبـووە، سـەرجەم پارتـەکانی تـر هیـچ پۆسـتێکیان بڵاونەکردووەتـەوە، کـە بـە تەنهـا تێکسـت بێـت.

یەکێـک خزمەتگوزارییـەکانی فەیسـبووک لایڤـی چالاکییـە سیاسـییەکانە بـۆ کاندیـد و پارتـە سیاسـییەکان، بـەڵام بەپێـی خشـتەی (٣)، لـە پەیجـی فەرمـی پارتـە سیاسـییەکان لـە تـۆڕی کۆمەڵایەتیـی فەیسـبووک زۆرتریـن لایـڤ لـە پەیجـی فەیسـبووکی هاوپەیـمانی کوردسـتان(یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان- بزوتنـەوەی گـۆڕان)، بڵاوکراوەتـەوە، کـە تەنهـا ژمارەیـان (٩) لایـڤ بـووە، دواتـر نـەوەی نـوێ تەنهـا(٤) لایڤـی هەبـووە بەدرێژایـی مـاوەی هەڵمەتـی هەڵبـژاردن، بـەڵام پارتـە سیاسـییەکانی تـر هیـچ جـۆرە لایڤێکیـان لـە پەیجـە فەرمیەکانیـان لـە تـۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسـبووک بڵاونەکردووەتـەوە.

لەگـەڵ ئەوانەشـدا داتـاکانی خشـتەی (٣) ئـەوە دەخەنـەڕوو، کـە جگـە لـە پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان پارتـە سیاسـییەکانی تـری نموونـەی توێژینەوەکـە هیـچ پۆسـتێکیان بڵاونەکردووەتـەوە، کـە لینکێکـی وێـب سـایتێک بـوو بێـت، ئەگەرچـی ڕێـژەی ئـەو لینکانـەی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بڵاویکردوونەتـەوە ڕێژەکـەی تەنهـا (١,٥٪) بـووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا لینکـەکان راستەخۆ لـە کاپشـنی پۆستەکە دانـراوە، ئەگەرچیـی؛ ئەنجامـی چەنـد توێژینەوەیـەک دەریـان خسـتووە کـە دانـانی «لینـک» لـە کۆمێنتەکانـی پۆسـتێکی فەیسـبووک، کاریگـەری و قازانجـی زیاتـرە لەچاو دانـانی راسـتەوخۆ دوای کەپشـنەکان(Chawla, Y. and Chodak, G., ٢٠٢١, P٤٩).

بەپـێ دەرئەنجامـەکانی خشـتەی (٣) پارتـە سساسـیەکان بـە شـێوەیەکی گشـتی گرنگیـی ئـەو تۆیـان بـە تێکسـت نـەداوە، لـەو پۆسـتانەی بـە مەبەسـتی بازاڕگەریـی سیاسـیی بڵاویانکردووەتـەوە، بەپێچەوانـەوە بـە ڕێـژەی جیـاواز گرنگیـان بـە وێنـە و ڤیدیـۆ داوە، توێژینەوەکانیـش ئەوەیـان خسـتوەتە روو کـە گرنگیـی وێنـە و ڤیدیـۆ لـە پێوەندییـە سیاسـییەکان و بازاڕگەریـی سیاسـییدا گرنگیـی زۆر زیاتـرە لـە بڵاوکردنەوەی پەیامـەکان لە ڕێگەی تێکسـتەوە(Farkas, X. and Bene, M., ٢٠٢١, P١٢١). ئەمـەش ئـەوە دەرئەخـات، کـە پارتـە سیاسـییەکانی سـامپڵی توێژینەوەکـە لـە

روانگەی گرنگیی و کاریگەریی وێنەکان و ڤیدیۆکانەوە بووە، کە زۆرینەی پۆستەکانیان بەشێوەی ڤیدیۆ و وێنە بڵاوکردوەتەوە.

٤- نیشاندەرەکانی تێکەڵەی بازاڕگەریی سیاسیی

خشتەی (٤)

نیشاندەرەکانی تێکەڵەی بازاڕگەریی سیاسیی(Political Marketing Mix)

بۆ سامپڵی توێژینەوەکە (پارتەسیاسییەکان) لەتۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک:

| نیشاندەری بازاڕگەریی سیاسیی | بەرهەم | | نرخ | | پەرەپێدان و بانگەشە | | شوێن | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ | |
| **پارتی** | ١١٥ | ٪٢٩ | ٦٣ | ٪١٦ | ١٨٥ | ٪٤٧ | ٣٣ | ٪٨ | 396 |
| **هاوپەیمانی کوردستان** | ١٩ | ٪٣٠ | ١٣ | ٪٢١ | ٢١ | ٪٣٣ | ١٠ | ٪١٦ | 63 |
| **یەکگرتوو** | ٤٦ | ٪٢٩ | ٣٤ | ٪٢١ | ٥٨ | ٪٣٦ | ٢٣ | ٪١٤ | 161 |
| **کۆمەڵ** | ١٣ | ٪٢٧ | ١١ | ٪٢٣ | ١٥ | ٪٣١ | ٩ | ٪١٩ | 48 |
| **نەوەی نوێ** | ٣٣ | ٪٢٦ | ٥٦ | ٪٤٣ | ١٧ | ٪١٣ | ٢٣ | ٪١٨ | 129 |
| کۆی گشتیی | ٢٢٦ | ٪٢٨ | ١٧٧ | ٪٢٢ | ٢٩٦ | ٪٣٧ | ٩٨ | ٪١٢ | 797 |

خشتەی (٤) بازاڕگەریی سیاسی پارتە سیاسییەکان دەخاتەڕوو بۆ رەگەزەکانی بازاڕگەریی سیاسیی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک: بە پێی ئەنجامەکانی خشتەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرترین گرنگیی بە رەگەزی پەرەپێدان و بانگەشە داوە، بە رێژەی (٪٤٧) و هەروەها کەمترین پۆستی رەگەزی شوێن بووە بە رێژەی (٪٨). بەهەمان شێوە هاوپەیمانی کوردستان زۆرترین پۆستی تایبەت بووە بە پەرەپێدان و بانگەشە بە رێژەی (٪٣٣)، هەروەها کەمترین پۆستی رەگەزی شوێن بووە بە رێژەی (٪١٤). یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان زۆرترین پۆستی پەرەپێدان و بانگەشە بووە بە رێژەی (٪٣٦) و کەمترین پۆستی لەسەر رەگەزی شوێن بووە.

کۆمەڵی دادگەریی کوردستان زۆرترین پۆستی تایبەت بووە بەرەگەزی پەرەپێدان و بانگەشە بە رێژەی (٪٣١)، بەڵام کەمترین پۆستی لەسەر رەگەزی شوێن کردووە بە رێژەی (٪١٩)، هەروەها نەوەی نوێ زۆرترین پۆستی لەسەر رەگەزی نرخ بووە بە رێژەی (٪٤٣)، بەڵام کەمترین پۆستی تایبەت بووە بە پەرەپێدان و بانگەشە بە رێژەی (٪١٣).

بەپێی دەرئەنجامەکانی خشتەکە جگە لە نەوەی نوێ، پارتە سیاسییەکانی تر زۆرترین پۆستیان لەسەر پەرەپێدان و بانگەشە بووە، بەڵام تەنها نەوەی نوێ زۆرترین پۆستی لەسەر رەگەزی نرخ بووە. بەم پێیەش بێت (هاوپەیمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی دادگەریی گرنگییان بە رەگەزی پەرەپێدان و بازاڕگەریی  سیاسیی داوە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، بە پێچەوانەشەوە تەنها نەوەی نوێ گرنگیی بەرەگەزی نرخ داوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات پارتە سیاسییەکانی بەشداربووی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی هاوسەنگ گرنگییان بە رەگەزەکانی بازاڕگەریی نەداوە، بەشێوەیەک ناهاوسەنگی هەیە لە گرنگی پێدانیان لە رەگەزێک بۆ رەگەزێکی تر، بەم پێیەش بێت بازاڕگەریی سیاسییان بە شێوەیەکی پیشەییانە نەکردووە.

٥- شێوازی کارلێک و بەشداریی (فۆلۆوەر و بەشداربووان)

خشتەی (٥)

کارلێک و بەشداریی (فۆلۆوەر و بەشداربووان) لەگەڵ پۆستی پارتە سیاسییەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک:

| نیشاندەری بازاڕگەریی سیاسیی | Reactions | | Comment | | Share | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ |
| پارتی | ٦٩٤٥١ | ٪٢,١٥ | ٣٣٨٠ | ٪٠,١٣ | ٦٤٤ | ٪٠,٦١ |
| هاوپەیمانی کوردستان | ١٩٩,٨٢٧ | ٪٣٤,٥٧ | ٤٧,٨٨٤ | ٪١١,٦٩ | ١٤,٤٥٨ | ٪٨٥,٧٥ |
| یەکگرتوو | ٣٣,٧٢٢ | ٪٢,٥٧ | ٩,٢٨٥ | ٪٠,٨٩ | ٦٦٧ | ٪١,٥٥ |
| کۆمەڵ | ٢,٥٤١ | ٪٠,٦٥ | ٥٠٦ | ٪٠,١٦ | ٤٦ | ٪٠,٣٦ |
| نەوەی نوێ | ٦٣٠,٤٧٠ | ٪٦٠,٠٥ | ٧٣٠,٨٩٧ | ٪٨٧,١٣ | ٤,٠٥٠ | ٪١١,٧٣ |

خشتەی (٥) کارلێک و بەشداریی (فۆلۆوەر و بەشداربووان)ی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتەڕوو، لەگەڵ پۆستی پارتە سیاسییەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک؛ بەپێی ئەنجامەکانی خشتەکە؛ بەشداربووانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک زۆرترین کارلێک(Reactions) لەگەڵ پۆستەکانی نەوەی نوێ کردووە بە ڕێژەی (٪٦٠,٠٥)، بەڵام بەشداربووانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کەمترین کارلێک(Reactions) لەگەڵ پۆستەکانی کۆمەڵی دادگەریی کوردستان کردووە بە ڕێژەی (٪٠,٦٥). بەهەمان شێوە، بەشداربووانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک زۆرترین کارلێک(Comment) لەگەڵ پۆستەکانی نەوەی نوێ کردووە بە ڕێژەی (٪٨٧,١٣)، بەڵام بەشداربووانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کەمترین (Comment) لەگەڵ پۆستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە بە ڕێژەی (٪٠,١٣).

سەبارەت بە هاوبەشکردنی(Share) پۆستی پارتە سیاسییەکان؛ هاوپەیمانی کوردستان زۆرترین پۆستی لەلایەن (فۆلۆوەر و بەشداربووان) هاوبەشی(Share) پێکراوە بە ڕێژەی (٪٨٥,٧٥)، بەڵام بەشداربووانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کەمترین هاوبەشیان (Share) بە پۆستەکانی کۆمەڵی دادگەریی کوردستان کردووە بە ڕێژەی (٪٠,٣٦). کۆمێنت، هاوبەشیکردن، و لایک ڕۆڵی جیاوازیان هەیە لە لەزیاتر بڵاوبونەوەی ناوەڕۆکی پۆستێک لە فەیسبووک، ئەوانە بەگشتی ڕۆڵی ئەرێنیان لە زیاتر بڵاوبونەوەی پەیامێکی سیاسی لە ناو بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکدا هەیە، بەڵام کۆمێنتەکان بە یەکێک لە کاریگەرترین فۆرمەکانی کارلێکردن و بەشدارییکردن دادەنرێت، بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (٥)بێت پۆستەکانی نەوەی نوێ زۆرترین کۆمێنتیان لەسەر کراوە، ئەوەش پێدەچێت بەهۆی ئەوەبوبێت کە بەرهەمهێنەرانی نەوەی نوێ بەشێوەیەک پەیامەکانیان دارشتبێت سەرنجی بەکارهێنەرانی ڕاکێشابێت بۆ ئەوەی کۆمێنت بنووسن، ئەگەرچی هەموو کۆمێنتێکەکانی سەر پۆستێکی سیاسیی مەرج نییە کۆمێنتی ئەرێنیی بن.

## دەرەنجام و ڕاسپاردەکان:

### دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە:

ژمارەی فۆلۆوەری لاپەرەی فەیسبووک کاریگەریی لەسەر فراوانی بڵاوبوونەوەی پەیامە سیاسییەکان و ناساندنی کاندیدی هەڵبژاردنەکان هەیە، بەپێی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە، لاپەڕەی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، زۆرترین فۆڵۆوەری هەیە، کە ٦٦٩ هەزار فۆلۆوەربووە، بەڵام

لاپـەرەی فەرمـی كۆمەڵـی دادگەریـی كوردسـتان لـە فەیسـبووک، کەمتریـن فۆلـۆوەری هەبـووە، کـە تەنهـا ٤٥ هـەزار فۆلـۆوەرە.

تێکـڕای گونجـاو بـۆ بڵاوکردنـەوەی ژمـارەی پۆسـتەکان لەیـەک رۆژدا (١-٢) پۆسـتی بازاڕگەریـی سیاسـییە، بـەڵام بەپێـی ئەنجامـەکانی توێژینەوەکـە، پـارتی دیموکـراتی كوردسـتان تێکـڕای رۆژانـە (١٢) پۆسـتی بازاڕگەریـی سیاسـی بڵاوکردوەتـەوە، کـە ئـەوەش رێژەیەکـی گونجـاو نیـە.

ئەنجامـە بەدەسـتهاتووەکان ئەوەشـیان خسـتووەتە روو، کـە پارتـە سیاسـییەکان فۆرمـی ئـەو بابەتانـەی بڵاویانکردەتەوە بـە رێـژەی (٥١,٢٪) وێنـە بـووە، لەکاتێکـدا ئـەو پۆسـتانەی کـە تەنهـا تێکسـتیان لەخـۆ گرتـووە رێژەکەیـان (٠,١٪) کـە کەمتریـن رێـژە لەچـاو فۆرمـەکانی تـر.

زۆرینـەی پارتـە سیاسـییەکان گرنگیـان بـە سـتراتیژی پەرەپێـدان و بانگەشـەداوە؛ پـارتی دیموکراتـی كوردسـتان بـە رێـژەی (٤٧٪)، یەکگرتـووی ئیسـلامی كوردسـتان بـە رێـژەی (٣٦٪)، هاوپەیمانـی كوردسـتان بـە رێـژەی (٣٣٪)، کۆمەڵـی دادگەریـی كوردسـتان بـە رێـژەی (٣١٪)، بـەڵام نـەوەی نـوێ گرنگـی بـە نـرخ داوە بەرێـژەی(٤٣٪).

سـەبارەت بـە کارلێـک و بەشـداریی (فۆلـۆوەر و بەشـداربووان)ی تـۆڕی کۆمەڵایەتیـی فەیسـبووک لەگـەل پۆسـتەکانی بازاڕگـەری سیاسـی پارتـە سیاسـییەکان، ئەنجامـەکان ئـەوە ئەخەنـە روو، کـە زۆرتریـن کارلێـک(Reactions) لەگـەڵ پۆسـتەکانی نـەوەی نـوێ کـراوە بـە رێـژەی (٦٠,٠٥٪)، بەهەمـان شـێوە زۆرتریـن (Comment) لەسـەر پۆسـتەکانی نـەوەی نـوێ نـوسراوە بـە رێـژەی (٨٧,١٣٪)، سـەبارەت بـە هاوبەشـکردنی(Share) پۆسـتی پارتـە سیاسـییەکان؛ هاوپەیـمانی كوردسـتان زۆرتریـن پۆسـتی لەلایـەن (فۆلـۆوەر و بەشـداربووان) هاوبـەشی(Share) پێکـراوە بـە رێـژەی (٨٥,٧٥٪)، ئەمـەش ئـەوە ئەخاتـە روو (فۆلـۆوەر و بەشـداربووان) لاپـەرەی فەیسـبووکی نـەوەی نـوێ زۆرتریـن کارلێـک و بەشـداریان هەیـە لەسـەر پۆسـتەکانی بازاڕگەریـی سیاسـی.

راسپاردەکانی توێژینەوەکە:

١- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر تەکنیکەکانی بازارگەری سیاسیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

٢- ئەنجامدانـی توێژینـەوەی نـاخ شـیکاریی لەسـەر پەیجـی فەرمـی کاندیـدانی هەڵبـژاردنی داهاتـووی پەرلەمـانی کوردسـتان.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر لێکەوتە نەرێنیەکانی بازاڕگەریی سیاسیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

## الملخص:

يهـدف هـذا البحـث والموسـوم (واقـع التسـويق السـياسي في شـبكات التواصـل الاجتماعـي – الصفحـات الرسـمية (الفيسـبوك) للأحـزاب السياسـية في إقليـم كوردسـتان - أنموذجـا) الى فهـم وضـع وطبيعـة التسـويق السـياسي للأحـزاب السياسـية في حكومـة إقليـم كوردسـتان العـراق في مواقـع التواصـل الاجتماعيـة وتحديـداً (الفيسـبوك)، اذ أن الأحـزاب السياسـية تعتمـد عـلى هـذه الوسـائل للتأثـير عـلى الناخبـين لاسـيما في فـترات الحمـلات التسـويقية التـي تسـبق الانتخابـات، ويعـد البحـث مـن البحـوث الوصفيـة، اذ تـم اسـتخدام تحليـل المحتـوى للرسـائل التسـويقية، كأداة لتحليـل البيانـات. وقـد تـم أخـذ عينـة الدراسـة بشـكل قصـدي مـن مجمـل مـا تـم نـشرة عـلى صفحـات الفيسـبوك الرسـمية للأحـزاب السياسـية في إقليـم كوردسـتان العـراق ابـان الحمـلات الانتخابيـة للانتخابـات البرلمانيـة العراقيـة عـام ٢٠٢١، بالاعتـماد عـلى عينـات عمديـة (عينـة غـير احتماليـة)

مـن أهـم النتائـج التـي توصـل إليـه البحـث، قامـت الاحـزاب السياسـية المنخرطـة في اجـراء الحمـلات الانتخابيـة بنـشر

ما نسبته ( ٥١,٢٪) من المنشورات كمشاركة في شكل صور، في حين بلغت نسبة النصوص التي قامت الاحزاب السياسية بنشرها (٠,١٪) من المشاركات التي تعتمد على نصوص فقط، وتشكل نسبة اقل بالمقارنة بالأشكال الأخرى. ومن ناحية أخرى، أظهرت النتائج أن غالبية الأحزاب السياسية اهتمت بتبني استراتيجيات الترويج؛ الحزب الديمقراطي الكردستاني بنسبة ٤٧٪ ، والاتحاد الإسلامي الكردستاني بنسبة ٣٦٪ ، وتحالف كوردستان بنسبة ٣٣٪ وحزب العدالة الكردستاني بنسبة ٣١٪ ، ومع ذلك ، فقد اهتمت حركة الجيل الجديد باستراتيجية التسعير ٤٣٪..

وفيما يتعلق بتفاعل ومشاركة المتابعين والمشاركين في فيسبوك مع منشورات التسويق السياسي للأحزاب السياسية، فقد أظهرت النتائج أن أكثر التفاعلات (Reactions) مع منشورات حركة الجيل الجديد (٦٠,٠٥٪)، وكذلك الأكثر التعليقات ٨٧,١٣٪ من منشورات حركة الجيل الجديد؛ اما التحالف الكردستاني فكانت لديه أكبر عدد من المشاركات التي تمت مشاركتها من قبل متابعيه والمشاركين بنسبة ٨٥,٧٥٪، وتبين هذه النتائج أن صفحة حركة الجيل الجديد على الفيسبوك لديها أكبر قدر من التفاعل والمشاركة في منشورات التسويق السياسي.

## The Reality of Political Marketing in Social Networks - Official Pages (Facebook) of Kurdistan Regional Political Parties for Example)


### Abstract:

This research works to understand the Reality and nature of political marketing on Facebook platform which used by political parties in Kurdistan Region to influence voters in Iraqi Parliament campaigns since 2021. The sample of the study is the total number of posts that political parties in the campaign elections published on the official Facebook pages, and the samples were taken in a purposive way(non-probability sample).

The most important findings of the study are; Political parties published 51.2% of the posts in the form of images, while 0.1% of the posts contained only text, which is the lowest rate compared to other forms. On the other hand, the results showed that the majority of political parties paid attention to Promotion strategies.

Regarding the engagement of Facebook, New Generation Movement's Facebook page has the most engagement on political marketing posts and the results show that the most reactions with the posts of New Generation Movement, (60.05%).


Keywords: Political marketing, social networks, Facebook, political parties, Kurdistan Region.

**لیستی سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردیەکان**

کتێب

تاڵەبانی، ڕێبەر گۆران، یەحیا عومەر ڕێشاوی، ٢٠٢٠، میدیای نوێ لەسایەی شۆڕشی زانیارییەکاندا، تۆڕی ئەکادیمیا و دیالۆگی میدیا.

توێژینەوەی بڵاوکراوە

سعید، لانە صابر محمد- کۆسرەت طە محەمەد شاری، ٢٠٢١، ئەرکی پێوەندییە گشتییەکان لە بازارکاری سیاسییدا، گۆڤاری کوردستان بۆلێکۆڵینەوەی ستراتیجی(١٢).

## سەرچاوە عەرەبیەکان

**کتێب**

عبد العزيز، سامي، ٢٠١٣، من الصابوو نة... إلى الرئيس... التسويق الاجتماعي والسياسي (مصر: دار نهضة مصر،).

نامەی ماستەر

الساعدي، مها علي عبادي، ٢٠١٢، التسويق السياسي و دوره في الحملات الانتخابية الأمريكية لعام ٢٠١٦ ، رسالة الماجستير، كلية العلوم السياسية - الجامعة المستنصرية-بغداد.

**سەرچاوە ئینگلیزیەکان**

**کتێب**

Newman, B.I., 1999. Handbook of political marketing. (No Title).

Scammell, M., 2016. Designer politics: How elections are won. Springer.

توێژینەوەکان

Abdu, S.D., Mohamad, B. and Muda, S., 2017. Youth online political participation: The role of Facebook use, interactivity, quality information and political interest. In SHS Web of Conferences (Vol. 33, p. 00080). EDP Sciences.

As' ad, H.A.R. and Alhadid, A.Y., 2014. The impact of social media marketing on brand equity: An empirical study on mobile service providers in Jordan. Review of Integrative Business and Economics Research, 3(1).

Bossetta, M., 2018. The digital architectures of social media: Comparing political campaigning on Facebook, Twitter, Instagram, and Snapchat in the 2016 US election. Journalism & mass communication quarterly, 95(2).

Bossetta, M., Dutceac Segesten, A. and Trenz, H.J., 2017. Engaging with European politics through Twitter and Facebook: Participation beyond the national?. Social media and European politics: Rethinking power and legitimacy in the digital era.

Boulianne, S., 2015. Social media use and participation: A meta-analysis of current research. Information, communication&society, 18(5).

Chawla, Y. and Chodak, G., 2021. Social media marketing for businesses: Organic promotions of web-links on Facebook. Journal of Business Research, 135.

Chen, H., Zhang, M., Han, L. and Lim, A., 2021. Hierarchical marketing mix models with sign constraints. Journal of Applied Statistics, 48(1315-).

Clement, J., 2020. Number of monthly active Facebook users worldwide as of 4th quarter 2019. Statistica.

Dimitrova, D.V., Shehata, A., Strömbäck, J. and Nord, L.W., 2014. The effects of digital media on political knowledge and participation in election campaigns: Evidence from panel data. Communication research, 41(1).

Enli, G. and Rosenberg, L.T., 2018. Trust in the age of social media: Populist politicians seem more authentic. Social media+ society, 4(1).

Enli, G.S. and Skogerbø, E., 2013. Personalized campaigns in party-centred politics: Twitter and Facebook as arenas for political communication. Information, communication & society, 16(5).

Farkas, X. and Bene, M., 2021. Images, politicians, and social media: Patterns and effects of politicians' image-based political communication strategies on social media. The international journal of press/politics, 26(1).

Fatema, S., Yanbin, L. and Fugui, D., 2022. Social media influence on politicians' and citizens' relationship through the moderating effect of political slogans. Frontiers in Communication, 7.

Gibson, R.K., 2015. Party change, social media and the rise of 'citizen-initiated'campaigning. Party politics, 21(2).

Hamid, R.S., Abror, A., Anwar, S.M. and Hartati, A., 2022. The role of social media in the political involvement of millennials. Spanish Journal of Marketing-ESIC, 26(1), pp.6179-.

Harvey, K. ed., 2013. Encyclopedia of social media and politics. Sage Publications.

Hellweg, A., 2011. Social media sites of politicians influence their perception by constituents. The Elon Journal of Undergraduate Research in Communications, 2(1).

Henneberg, S.C., 2004. The views of an advocatus dei: Political marketing and its critics. Journal of Public Affairs: An International Journal, 4(3).

Howard, P.N., 2006. New media campaigns and the managed citizen. Cambridge University Press.

Johnson, T.J. and Kaye, B.K., 2014. Credibility of social network sites for political information among politically interested internet users. Journal of Computer-mediated communication, 19(4).

Kaid, L.L. ed., 2004. Handbook of political communication research. Routledge.

Khan, M.T., 2014. The concept of 'marketing mix'and its elements. International journal of information, business and management, 6(2).

Kreiss, D., Lawrence, R.G. and McGregor, S.C., 2020. In their own words: Political practitioner accounts of candidates, audiences, affordances, genres, and timing in strategic social media use. In Studying Politics Across Media.

Liao, C.H., Chen, L.X., Yang, J.C. and Yuan, S.M., 2020. A photo post recommendation system based on topic model for improving facebook fan page engagement. Symmetry, 12(7).

Lindblad, A., 2019. Political branding through Facebook:-A study of party branding during the Swedish general elections 2018.

Manning, N., Penfold-Mounce, R., Loader, B.D., Vromen, A. and Xenos, M., 2017. Politicians, celebrities and social media: a case of informalisation?. Journal of Youth Studies, 20(2).

Menon, S.V., 2008. Political marketing: A conceptual framework.

Milewicz, C. and Saxby, C., 2013. Leaders' social media usage intentions for in-bound customer communications. Management Research Review, 36(9).

Newman, B.I., 1994. The marketing of the president: Political marketing as campaign strategy. Sage.

O'Cass, A., 2009. A resource-based view of the political party and value creation for the voter-citizen: an integrated framework for political marketing. Marketing Theory, 9(2).

Okan, E.Y., Topcu, A. and Akyüz, S., 2014. The role of social media in political marketing: 2014 local elections of turkey. European Journal of business and Management, 6(22).

Papacharissi, Z., 2002. The virtual sphere: The internet as a public sphere. New media & society, 4(1).

Pratama, A.A., Jamil, A. and Briandana, R., 2021. Political Marketing on Legislative Elections in Indonesia: Case Study in Central Bengkulu. Utopía y praxis latinoamericana: revista internacional de filosofía iberoamericana y teoría social, (1).

Radzi, B.A.L.M., 2018. A moderating effect of Facebook time and Facebook friends on the relationship between political marketing factors and voters' behaviour in Malaysia (Doctoral dissertation, Southern Cross University).

Riaz, W. and Tanveer, A., 2012. Marketing mix, not branding. Asian Journal of Business and Management Sciences, 1(11).

Safiullah, M., Pathak, P., Singh, S. and Anshul, A., 2017. Social media as an upcoming tool for political marketing effectiveness. Asia Pacific Management Review, 22(1).

Sandoval-Almazan, R. and Valle-Cruz, D., 2020. Sentiment analysis of facebook users reacting to political campaign posts. Digital Government: Research and Practice, 1(2).

Scammell, M., 1999. Political marketing: Lessons for political science. Political studies, 47(4), pp.718-739.

Shyan Fam, K. and Merrilees, B., 1998. Exploring the relevance of strategic promotion management approach among small independent retailers. International Journal of Retail & Distribution Management, 26(9).

Skogerbø, E. and Krumsvik, A.H., 2015. Newspapers, Facebook and Twitter: Intermedial agenda setting in local election campaigns. Journal̈ism Practice, 9(3).

Slater, S.F. and Narver, J.C., 1998. Customer-led and market-oriented: let's not confuse the two. Strategic

managementjournal, 19(10).
Stier, S., Bleier, A., Lietz, H. and Strohmaier, M., 2020. Election campaigning on social media: Politicians, audiences, and the mediation of political communication on Facebook and Twitter. In Studying Politics Across Media.
Weeks, B.E., Ardèvol-Abreu, A. and Gil de Zúñiga, H., 2017. Online influence? Social media use, opinion leadership, and political persuasion. International journal of public opinion research, 29(2).
Wring, D., 1997. Reconciling marketing with political science: theories of political marketing. Journal of marketing management, 13(7).
Xenos, M., Vromen, A. and Loader, B.D., 2014. The great equalizer? Patterns of social media use and youth political engagement in three advanced democracies. Information, Communication & Society, 17(2).
Yudelson, J., 1999. Adapting McCarthy's four P's for the twenty-first century. Journal of Marketing Education, 21(1).
Zavattaro, S.M., 2010. Brand Obama: The implications of a branded president. Administrative theory & praxis, 32(1).